# چۆن ئەوەندە بەرز بازدەدەیت؟

نوسینی:K.Emily Hutta
وێنەکێشانی:Adam Devaney
لە ئینگلیزییەوە: هێرۆ ئیسماعیل عەلی



لە دارستانی هاندرد ئەی کەر هەندێک شتی زۆر سەیرو ناوازە ڕوویاندا. پڵنگێک نەدەجولایەوە!
(ڕوو) لە (پوو)ی پرسی : ئایا دڵنیای ئەوە پڵنگە؟
پوو وتی: «بەڵێ بەدڵنیاییەوە شێوەی لە پڵنگ دەچێت.»
ڕوو وتی: «باشە، بەڵام ئەو وەکو پڵنگ خۆی نانوێنێ.»

لەو کاتەدا پڵنگەکە هاوڕێکانی بینی و پەنجەی خستە سەر لێوی و دەمی خۆی گرت، دواتر بەچپەوە وتی:
«هاوڕێیان بە پێپسەکەو بێدەنگی وەرن بۆ ئێرە، با شتێکی سەیرتان پیشانبدەم.»
دەستی بۆ زەوییەکە راکێشاو وتی: «سەیری ئەوێ بکەن!»
روو وتی: «هیچ نابینم.»
پڵنگەکە وتی: «دەبێت زۆر بە وردی سەیرکەی.»
ڕوو هاواریکردو وتی: «ئوە... ئۆە دەیبنم ئەوە بۆقێکە!»



بەهۆی هاوارەکەی (روو)ەوە بۆقەکە بازێکی وای دا، تا لەچاو ونبوو

روو وتی: «ئۆی، بمبورە ئەی پڵنگ، من مەبەستم ئەوە نەبوو بۆقەکە بترسێنم و بڕوات. پڵنگەکە وتی:

«باشە خۆ بینیت ئەو هاوڕێ بچوکە چەند بەرز بازدەدات..؟»

ڕوو بەسەرلەقاندنێک وتی: «بەڵێ، سەیربکەن منیش دەتوانم بەرز بازبدەم.»

پڵنگەکە وتی: «سەیربکەن بازدانی پڵنگ باشترین بازدانە.» ڕوو بانگیکردو وتی: «پو ئەی تۆ دەتوانی؟»

بەڵام کاتێک پوو هەوڵیدا بازبدات، پێیەکانی لە زەوییەکە بەرزنەبوونەوە.



پوو لە پڵنگەکەی پرسی: «تۆ چۆن دەتوانی بازی ئاوا بەرز بدەیت؟»

پڵنگەکە وتی: «زۆر بەئاسانی دەتوانی، ئەگەر ئیسپرینگ لە کلکتدا هەبێت، یان قاچێکی سپرینگی گەورەت هەبێت، یا لاقێکی درێژی وەک بۆقت هەبێت.»

پوو سەیرێکی خۆی کرد، لە شێکی ئیسپرینگی نییە، وتی: «پێموایە من بۆ بازدان دروست نەکراوم.»





پڵنگەکە وتی: «لەو کاتەوە کە دانیشتووین، چیترم بینیو تێبینیکرد، تۆ هەرگیز تێبینی هیچ ناکەیت، باوەڕدەکەیت ماسییەکم بینی.»

پوو تەماشای کردو وتی: «لەکوێدایە؟»

پڵنگەکە وتی: «لە گۆمەکەدا، لەوێدایە لە سەرەوە.»

روو بەئومێدەوە وتی: «ئەگەر بەبێدەنگی چاوەڕێبکەین، رەنگە بگەڕێتەوە.»



هەر بۆیە سێ هاوڕێکە لە کەنارە گیادارەکەی گۆمەکەدا راکشان و وەستان بۆ سەیرکردن و گوێگرتن، هەر زوو پوو دەستیکرد بە پرخەپرخ و خەوی لێ کەوت. روو هەر چاوەڕێبوو لە کەنارەکەداو سەیریدەکردو دەهات و دەچوو.
روو بەچپەوە وتی: «بەراستی سەختە ئەوندە چاوەڕێبکەیت و ئارام بگری.»
پڵنگەکە وتی: «راستەکەی وایە، بەڵام چاوەرێبکەی شتی جوان و سەرنجڕاکێش، کە بەتیشکی خۆر دەبریسکێنەوە، دەبینیت و گوێبیستی جریوەی ناو دارەکان دەبیت.» روو بەدڵخۆشییەوە وتی: «ئۆە، پڵنگ سەیرکە ماسییەک لە گۆمەکەدا!»



پڵنگەکە (پــوو)ی بەخەبەرهێنایەوە، هەرسێکیان سەیری ماسییەکەیان دەکرد مەلەو شڵپەشڵپی دەکرد.
پوو پرسی: «ماسی چۆن فێردەبێت لەژێر ئاودا مەلەبکات؟» ڕوو وتی: «نازانم... من هەرگیز ناتوانم سەرم بکەمە ژێر ئاودا.»



پڵنگەکە وتی: «مەلەکردن لەژێر ئاودا شتێکە پڵنگەکان زۆر بەباشی ئەنجامیدەدەن و ئێستا نیشانتاندەدەم.»
خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوەو بەخێرایی و هەناسەکورتییەوە هاتەسەرەوەو وتی: «پێموایە، ئەگەر بە ماسی لەدایکبوومایە ئەو مەلەوانێکی باشتر دەبووم.»

پاشان لەبەر خۆرەکە ڕاکشا، تا وشکبێتەوە، چونکە هەموو گیانی تەڕببوو و لەسەرماندا هەڵدەلەرزی. لەو کاتەدا سمۆرەیەکی قاوەیی لەبەردەم خۆیدا بینی خێرا بوو وەک تیشک و بڵاچخە.
سمۆرەکە لەتەنیشت پڵنگەکەوە بەڕوویەکی لەسەر زەوییەکە هەڵگرت و بەبازێکی بەرزو درێژ چووە سەر نزیکترین دار، کە لەتەنیشتیدا بوو. پوو پرسی:
«سمۆرە چۆن وا بەسەرداردا سەردەکەوێت؟»





پڵنگەکە وتی: «هوو... هوو.. هوو... ئێستا پیشانتانیدەدەم کە پڵنگ بە باشترین شێوە بەداردا سەردەکەوێ.» پڵنگەکە سەرکەوتە سەر دارەکەو لەسەر لقێکی دارەکە گیریخواردو بەهاوڕێکانی وت: «ڕەنگە سمۆرەکان یەکەم بن لە هەڵکشان بەسەر دارداو پڵنگەکانیش دووەم بن.»



دواتر لەناکاو پڵنگەکە هێلانەیەکی بینی لەسەر ئەو لقەی لەسەریبوو، وتی: «ئەو هێلانەیە پڕە لە بێچووە باڵندە.»
پوو وتی: «وادیـارە یەکێکیان دەیەوێت بفڕێت.» کاتێک باڵندە بچووکەکە باڵەکانی ڕاوەشاندو بەناو هەوادا فڕی، هەرسێ هاوڕێ بە سەرسامییەوە لێیان ڕووانی.
پوو وتی: «چۆن بێچووە باڵندە فێری فڕین دەبێت؟»
پڵنگەکە وتی: «زۆر جار ڕوویداوە پڵنگەکان باشترینن لە فڕیندا.»
کاتێک لەسەر لقەکەوە سەیری خوارەوەی کرد، وتی: «پڵنگەکان حەزناکەن بفڕن، وەکو ئەوەی باڵندەکان دەفڕن.»

ڕوو داوای ئـەوەی لەگەڵ پوودا یارمەتیی پڵنگەکەیان دا کە لەسەر دارەکە دابەزێتە خوارەوە، پرسیی: «ئەوە سەرسوڕهێنەر نییە، کە گیاندارە جیاوازەکان دەتوانن شتی جیاواز بکەن؟»

پڵنگەکە وتی: «هەندێک دەتوانن بازبدەن، هەندێک دەتوانن مەلەبکەن.»

ڕوو وتی: «هەندێک دەتوانن بەسەر داردا سەرکەون و هەندێکیش دەتوانن بفڕن.»

پوو بەخەمبارییەوە وتی: «من لە هیچ کام لەوانەدا باش نیم.» دوایی بە هیواو و دڵخۆشییەوە پرسیی: «ئایا هیچ شتێکی تر هەیە، جگە لە بازدان و هەڵکشان و مەلەوانی و فڕین، بۆ ئەوەی لێی هەڵبژێرین و بیکەین.» پڵنگەکە وتی: «بابچین بگەڕێن، بۆ ئەوەی یارییەکی جیاواز بدۆزینەوە. با بڕۆین هاوڕێیان.»



زۆر جار دەوەستان و گوێیاندەگرت و تەماشایاندەکرد، ئەم هاوڕێیانە ژمارەیەک گیانلەبەری جیاوازیان دۆزییەوە، کە هەریەکەو بەهرەی تایبەتی خۆی هەبوو. مراوییەکانیان بینی لەئاودا بە نەرمی دەرۆشتن و سمۆرەیەکی ئاوی (قوندوس) یان بینی کە بەربەستێکی ئاوی دروستدەکرد، مشکەکوێی (gopher)یان بینی کونی هەڵدەکەند.





هەنگێکیان بینی هەڵالەی گوڵی کۆدەکردەوە، لەو کاتەی نزیکی باخچەی کەروێشکێک بوونەوە، لەناکاو شتێک بەخێرای تێپەڕی، ئەوەندە خێرابوو کە بەلێڵی هاتەبەرچاو، ئەویش کەروێشک بوو بەخێرایی دەرپـەڕی، بۆ ئەوەی ئەو باڵندەیە لە تۆوە تازە چێنراوەکانی دووربخاتەوە. پوو لە کەروێشکەی پرسی:

«چۆن دەتوانی وا خێرا ڕابکەی؟»

کەروێشکەکە شانی لەقاندو وتی: «پێموایە ئەوە شتێکی تایبەتە بە کەروێشکەکەکان.» پڵنگەکە وتی: «دەکرێت هی پڵنگیش بێت، ئەگەر زۆر ماندووم نەکات.»





کەمێک دواتر، گوێدرێژێکی سەیرو ترسێنەر بەبارەدارێکی زۆر قورسەوە هات.

پوو پرسی: «چۆن دەتوانێت ئەوەندە شتی قورس هەڵگریت؟»

گوێدریژەکە وتی: «هەڵگرتنی شت بۆ من زۆر ئاسانە.»

پڵنگەکە وتی: «هەروەها بۆ منیش. چەند دارێکی سووکی بۆ هەڵنەدەگیراو لێی دەکەوت و دەیگرتەوە.»



ڕوو وتی: «ئەی پڵنگ تائیستا نەمزانیوە کە تۆ ئەوەند بەهرەت هەیە.»

پڵنگەکە هاواریکرد: «هوو... هوو... هوو ئەو شتانە زۆرنین کە پڵنگ ناتوانێ بیکات.» پوو ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: «من دەترسم هیچ شتێکی وانییە بۆ ورچێکی وەک من بتونێ بیکات.» پڵنگەکەش وتی: «نا وانییە، هاورێ هەمووکەس خاوەنی بەهرەی تایبەتی خۆیەتی.»

پوو وتی: «لەوانەیە، ئەگەر برۆمە شوێنی بیرکردنەوەکەم، ڕەنگە بتوانم هەست بەوە بکەم، کە بەهرەی تایبەتی من چییە؟» ڕوو وتی: «پوو ئێمە یارمەتیتدەدەین.»

پڵنگەکە وتی:«بەڵێ پڵنگەکان باشترینن لەبیرکردنەوەدا؟»

هەربۆیە هەرسێ هاوڕێکە رۆشتن بۆ شوینی بیرکردنەوەکەی پووە بۆ بیرکردنەوە. پڵنگەکە وتی: «من بیرۆکەیەکم هەیە، با خشتەیەک بکێشین بۆ ئەو هەموو ئاژەڵە جیاوازانە کە ئەمڕۆ بینیمانن و بەهرەکانیان بهینینەوە بیری خۆمان.» کاتێک لە کێشانی خشتەکە بوونەوە، خانەکەی پوو هیچی تیادا نەبوو. بۆیە وتی: «دەبینن من لە هیچ یەکێک لەو شتانەدا باش نیم.»



پڵنگەکە وتی: «لەوانەیە وانەبێت، بەڵام تۆ باشترین پاسەوانی سکزلی لە دارستانی (هاندرید ئەی کەر وود).»
ڕوو وتی: «هەرگیز هیچ کەسێکم لە تۆ باشتر نەبینیوە کە لوتێکی وای هەبێ بۆ بۆنکردنی هەنگوین، پوو تۆ دەتوانی بۆنی هەنگوین بکەی، لە دووریی چەند میلێکەوە.»





پڵنگ وتی: «ئێمە تایبەتترین بەهرەی تۆمان هێشتا باس نەکردووە، ئەویش بەهرەو بلیمەتی تۆیە بۆ هاوڕێیەتی.»
پاشان پڵنگەکە وێنەی دڵێکی گەورەی لە ژێر ناوەکەی (پوو)دا کێشا.

## (بەهرەی تایبەتی تۆ چییە؟)

هەموو گیانلەبەرێک بەهرەو توانای تایبەت بەخۆی هەیە، دەیکاتە تایبەت. لە زۆر حاڵەتدا بەهرەی تایبەتی ئاژەڵێک یارمەتیدەدات لە شوێنێکی دیاریکراودا بژێت.

ماسی لەژێر ئاودا هەناسەدەدات و مەلەدەکات، بۆیە ئەوان شێوازو بەهرەی تایبەتیان هەیە بۆ ژیان لەناو حەوزو ڕووبارو دەریاچەو زەریادا. سمۆرەکان دەتوانن بەسەر داردا سەرکەون، ئەگەر خواردنێک بدۆزنەوە، هەڵیدەگرن. سمۆرە ئاوییەکان دەتوانن دار ببڕن و خانووی خۆیانی پێ دروستبکەن.

هەموو گیانلەبەران، هەر لە بچوکترینیانەوە تا ئەوانەش کە ئێمە دەیانبینین، تا گەورەترین نەهەنگ کە لە دەریادا مەلەدەکات، هەموویان لەگەڵ توانایەکی سروشتی دەگمەندا لەدایکدەبن، کە یارمەتیاندەدات تا بزانن ئەوان کێن و چۆن و بە چ شێوەیەک دەژین.

منالان لە ڕێگەی گوێگرتن و بەراوردکردن و دروستکردنەوە فێردەبن.

بەم ڕێگایانە یارمەتی منالەکەت بدە، بۆ ئەوەی زیاتر بزانێ لە بارەی بەهرەو تایبەتمەندییەکانی ئاژەڵانەوە:

هەنگاوی یەکەم: بەهێمنی دانیشە، دەزانیت هەر ئاژەڵێک بەهرەی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێت؟

هەنگاوی دووەم: پڵنگەکە، پوو و ڕوو خۆیان بەراوردکرد لەگەڵ ئاژەڵەکانی تری ناو چیرۆکەکەدا. چۆن بەهرەکانت لەگەڵ یەکێکیاندا بەراوردەدەکەیت؟

هەنگاوی سێیەم: خشتەیەک بکێشە بۆ بەهرەکانی خۆت، بەپارچە کاغەزێک و چەند قەڵەمێک، خشتەیەک وەک ئەوەی پڵنگەکە بکێشەو ناوی هاوڕێ و ئاژەڵەکانی تیا بنووسە، کە تێبینیتکردوون، بەهرە تایبەتەکانیان چییە؟ لەبیرت نەچێت ناوی خۆت بنووسە لە خشتەکەدا، با خانەکانی خشتەکە ئەوەندە گەورەبیت جێگەی هەموو تواناکانتی تیا ببێتەوە.

